# بنەچەی سەوسەن

## ئەدۆنیس



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: تەڵعەت تاهیر

پێشەکی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

٢٠٠٩

ژمارە (٢٩) – لە بڵاوکراوەکانی (پاشکۆی رەخنەی چاودێر)

سەرپەرشتیاری کتێبی رەخنەی چاودێر: سامی هادی

- ناوی كتێب: بنەچەی سەوسەن
- بابەت: شیعر
- نووسینی: ئەدۆنیس
- وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: تەڵعەت تاهیر
- پێشەكی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- دیزاین: تەها حەمەنوری
- بەرگ: سۆران عەبدوڵلا نەقشبەندی
- تیراژ: (1000) دانە
- سەرپەرشتی چاپ: سەردەشت حەمەسالح

ژمارەی سپاردن: (1651) ی ساڵی 2009ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.


## نێوەرۆك


- لەبارەی سەردانی ئەدۆنیس بۆ كوردستان و وەرگێڕانی شیعری (بنەچەی سەوسەن)
- رۆژانی سەردانەكەی ئەدۆنیس
- نامەكەی خالیدە سەعیدو ئەدۆنیس
- بیرۆكەی وەرگێڕانەكە
- لەبارەی ناونیشانی شیعرەكە
- گرنگیی سەردانەكە
- بۆچی پێویستمان بە ئەدۆنیسە؟
- ئەدۆنیسی هاورێ

## - بنەچەی سەوسەن

(1) پیرەمەگروون
(2)عومەری خاوەر
(3)ئەمنە سوورەكە
(4)مەلكەندی
(5)چایخانەی شەعب
(6)عێنكاوە
(7) رۆشنكاری
(8)مێینەیی
(9)باهۆز
(10)نیلۆفەر

## - لەبارەی سەردانی ئەدۆنیس بۆ کوردستان و وەرگێڕانی شیعری (بنەچەی سەوسەن)

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

### - رۆژانی سەردانەکەی ئەدۆنیس:

ئەدۆنیس، لەسەر بانگهێشتی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، سەردانی کوردستانی کرد، بۆ ماوەی دە رۆژ، لە 15 تا 2009/4/24، لە کوردستان مایەوەو لە سلێمانی و هەولێر پێشوازییەکی شایستەی لێکرا.

-لە رۆژی چوارشەممە 4/15 بڕیار  وابوو ئەدۆنیس و د.سەروەر عەبدوڵڵا کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بگەنە فڕۆکەخانەی هەولێر، ئێمە لەسلێمانییەوە بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین، ژمارەیەک ئەدیب و نووسەر لەسلێمانی، خۆمان بۆ پێشوازیکردنی ئامادەکرد، سامی هادی و عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی و محەمەد نوری و کاوەی حاجی عەزیز و محێدین مەحمود و ئاسۆ عومەرو عیرفان ئەحمەد و من، بە ئوتومبیلێکی تایبەتی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک بەڕێکەوتین بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر. ئەدۆنیس و د.سەروەر لەکاتی خۆیدا گەیشتن، هەموومان بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەدۆنیس بووین، کە بینیمان، چاکەت و پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی و ملپێچێکی سووری پۆشیبوو، باوەشمان پیاکرد و ئەویش زۆر خۆشحاڵ دیاربوو. پاش کەمێک پشوو و قاوەخواردنەوەیەک لە فڕۆکەخانە، رۆشتین بۆ ئوتێلی هەورامان، لەوێ هەندێ لە رێکخراوەکان و نووسەرانی بنکەی گەلاوێژ و د.موحسین ئەحمەد عومەر و عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا و سەرهەنگ حەسەن و عیسا حسێن و ژمارەیەکی زۆر لەرۆشنبیران لەپێشوازیدا بوون، هەردوو کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان و الحریە ئامادەبوون، بەخێرهاتنی ئەدۆنیس کرا و ئەویش  وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد. دواتر بەڕێکەوتین بۆ سلێمانی. لە رێگا لە ئوتومبیلەکەدا، د.سەروەر و سامی هادی و عەبدوڵڵا تاهیر و محەمەد نوری و من، لەگەڵ ئەدۆنیسدا گفتوگۆمان لەبارەی هەندێ بابەتی ئەدەبی و فیکری کرد. شەو بوو لەسلێمانی نزیک بووینەوەو ئەدۆنیس سەیری دەرەوەی دەکرد  وتی لەوە ئەچێ کارەبا لە هەموو لادێکانی کوردستاندا هەبێت، ئەمە شتێکی گرنگە.

بەرلەوەی بگەینە سلێمانی، لەرێگا لە بازگەی تاسلوجە، شێرکۆ بێکەس و رەووف بێگەرد و دڵشاد عەبدوڵڵا و ئازاد بەرزنجی لەپێشوازیی ئەدۆنیسدا  وەستابوون، لەئوتومبیلەکە دابەزیین و ئەدۆنیس لەگەڵ ئەو چوار نووسەرەدا باوەشیان بەیەکدا کرد، بەخێرهاتنیان کردو چەپکە گوڵی پێشوازییان پێشکەش کرد. پاشان گەیشتینە سلێمانی و لە ئوتێلی سلێمانی پالاس دابەزیین. سویتێکی جوانیان لەنهۆمی شەشەم بۆ ئەدۆنیس تەرخان کرد (سویتی ژمارە 610) کە لەدوو لایەوە سلێمانی دیاربوو. ئەو شەوە تا درەنگانێک لەنهۆمی حەوتی پالاس، لەتەک شەرابدا گفتوگۆیەکی خۆشمان لەگەڵیدا ئەنجام دا.

-لە 4/16 لەهۆڵی دیالۆگی رێکخراوە دیموکراتییەکان، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەئەدیبان و رۆشنبیرانی کورد، پێشوازییەکی گەرم لەئەدۆنیس کرا، شێرکۆ بێکەس پەخشانێکی بەکوردی و عەرەبی خوێندەوەو  تیایدا بەخێرهاتنی ئەدۆنیسی کرد، دواتر ئەدۆنیس وتەیەکی پێشکەش کرد و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی، پاشان گفتوگۆی ئەدەبی و فیکری دەستی پێکرد.

ئێوارە لەهۆڵی دیالۆگ ئەدۆنیس و شێرکۆ بێکەس شیعریان خوێندەوە، کاک شێرکۆ بەکوردی و بەعەرەبی شیعرەکانی دەخوێندەوە. شەویش تا درەنگ لە ئوتێلی پالاس، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری نووسەران و رۆشنبیران دانیشت و گفتوگۆی ئەدەبی و فیکرییان کرد.

-لە 4/17 سەرلەبەیانی بەرەو هەڵەبجەی شەهید بەڕێکەوتین، بەڵام کەشێکی دڵتەنگ و زۆر ناخۆشی هەبوو و خۆڵێکی زۆر دەباری، لەهەڵەبجە کاتێک ئەدۆنیس تەماشای وێنە و دۆکیومێنتەکانی دەکرد، سەری سوڕمابوو لەو کارەساتە گەورەیە، لەدواییدا قوڕگی پڕ بوو لەگریان و نەیتوانی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان قسە بکات، ماوەیەکی زۆر دانیشت و حەپەسا بوو، دواتر دەفتەرێکیان بۆ هێنا تا سەرنجی خۆی بنوسێت، ئەدۆنیس لەوێشدا نەیتوانی هیچ بنووسێت، بگرە رەخنەی لەو شێوازی نوسینە گرت کە لەپاش بینینی ئەو دۆکیومێنتانە داوا لە میوانەکە دەکرێت ڕای خۆی بنووسێت، وتی "ئەمە بۆ پیشانگەی شێوەکاری دەگونجێت، بەڵام بۆ کارەساتێکی گەورەی وەک هەڵەبجە گونجاو نییە، چونکە لەوانەیە ئەو کەسە لەحاڵەتی هەڵچووندا بێت و بابەتێک بنووسێت، ئەوسا ئەو نووسینە ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتە هەڵچوونەی ئەو ساتەوەختە دەبێت، من بۆ هەڵەبجە بەشیعر نەبێت تینوێتیم ناشکێت" پاشان سەرمان لەگۆڕستانی گەورەی هەڵەبجە دا. بۆ نیوەڕۆ لە ئوتێل، ئەدۆنیس بابەتێکی لەسەر هەڵەبجە نووسی و بۆ شەو دەستکاری کردو ئامادەی کرد بۆ بڵاوکردنەوە.

پاش گەڕانەوەمان لەهەڵەبجە، سەردانیی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی کرد، سەرسام بوو بەو چالاکییەی لەکوردستاندا لەبواری رۆشنبیری و چاپکردنی کتێبی جۆراوجۆردا ئەنجام دەدرێت. پاشان لەگەڵ نووسەرانی دەزگای سەردەمدا سەردانی گەلەریی سەردەمی کرد کە هاوکات هەندێ لەکارەکانی هونەرمەند نامیق عەلی قادر لەپیشانگایەکی تایبەتیدا نمایش کرابوون. دواتر چووین بۆ بینینی پەیکەری جەواهیری لەبەرامبەر تەلاری هونەر. پاشان سەردانی ئەمنە سوورەکەی کردو سەرسام بوو بە ڕێڕەو و هەیوان و ژوورەکانی، ئەو کاتەی تەڵعەت تاهیر نووسینەکانی سەر دیواری زیندانی بۆ تەرجەمە دەکرد، چاوی پڕ ئاو ببوو، وتی هەرچی هەیە پێم بڵێن و هیچ ئازارێکم لێ مەشارنەوە، حەز دەکەم بزانم چی بەسەر ئەو ژن و منداڵانەدا هاتووەو زوڵمی ستەمکاران تاکوێ رۆیشتووە. ئەدۆنیس لەژووری زیندانی منداڵاندا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. داوای بینینی ئەو ئەندازیارەی کرد کە نەخشەی هۆڵ و ڕێڕەوەکانی لەلایە، وتمان ئەو ئەندازیارە نووسەرەو ناوی تەیب جەبارە، دواتر کە تەیب جەباری بینی، ئەملاو ئەولای ماچ کردو داوای نەخشە و دۆکیومێنتەکانی لێکرد. پاش نیوەڕۆ لەهۆڵی دیالۆگ سێ شاعیری کورد: قوبادی جەلی زادەو دڵشاد عەبدوللا و کۆسار کەمال پیرۆت، بەعەرەبی شیعری خۆیان بۆ خوێندەوەو ئەدۆنیس سەرسام بوو بە دەقی هەرسێ شاعیرەکە.

-لە 4/18 سەرلەبەیانی چووین بۆ زانکۆی سلێمانی، لەوێ لەلایەن مامۆستایان و خوێندکاران پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، ئەدۆنیس لەهوڵی ڕاپەڕین بابەتێکی پێشکەش کرد لەبارەی چۆنێتی وتنەوەی وانەی شیعر لەزانکۆکاندا و پاشان هەندێ لەمامۆستایانی بەشی عەرەبیی کۆلێجی زمان گفتوگۆیان لەگەڵدا کرد. دواتر لەگەڵ مامۆستایاندا بەناو زانکۆدا گەڕا و لەکافتیریای مامۆستایان و خوێندکاران پشووی دا. نیوەڕۆ ئەدۆنیس لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە بانگێشت کرا بۆ دوکان، کاتژمێر دوانزەو نیو گەیشتینە دوکان، مام جەلال پێشوازییەکی گەرمی لەئەدۆنیس کرد، جگە لە مام جەلال ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش لەوێ بوون. ئەدۆنیس زۆر خۆشحاڵ بوو بەو دیدەنییە، بگرە بە

**ساتەوەختێکی مێژوویی وەسفی کرد و لەبەردەمی کامێرادا وتی ئەمە یەکەمجارە دیدەنیی سەرۆک کۆمارێک دەکەم. لەدواییدا مام جەلالی بە کەسایەتییەکی سیاسیی کراوە و دیموکراتی وەسف کرد. دواتر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و ئێوارە لەهۆڵی دیالۆگ سێ شاعیری عەرەب، کە لە بەغداوە هاتبوون، شیعریان خوێندەوە.**

**-لە 4/19 سەرلەبەیانی لەهۆڵی دیالۆگ، ڕێورەسمی ڕێزلێنانی ئەدۆنیس دەستی پێکرد، کاک مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بەناوی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژەوە، میدالیایەکی ئاڵتونیی پێ بەخشی بەناوی (خەڵاتی کوردستان)، کە ئەمە یەکەمجارە ئەم خەڵاتە دەبەخشرێ، پاشان لەلایەن عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی خەڵاتی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ و لەلایەن ڕەووف بێگەردیشەوە خەڵاتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی پێ بەخشرا.**

**پاش نیوەڕۆ، کاردۆ کامۆ و تەڵعەت تاهیر و کاوەی حاجی عەزیز و د.دالیا ئەحمەد و کۆسار کەمال و من، لەگەڵ ئەدۆنیسدا چووین بۆ پیاسەی ناو بازاڕ و بۆ بینینی شوێن و گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی، کە ئەمە لەسەر داوای ئەدۆنیس خۆی بوو، حەزی ئەکرد بچێتە ناو بازاڕ و شوێنە میللیەکان ببینێت و تێکەڵ بە خەڵکی تر بێت. لە پاڵاس دەرچووین و بەپێ ڕۆشتین بۆ شەقامی مەولەوی، لەوێوە بۆ قەیسەری نەقیب و ئینجا بۆ گەلەری زاموا، لەزاموا لەلایەن هونەرمەندی شێوەکار ڕۆستەم ئاغالەو هەندێ لەهونەرمەندانی تر پێشوازیی لێکراو تابلۆکانی گەلەرییەکەیان پێ ناساند. دواتر لەشەقامی کاوەوە چووین بۆ چایخانەی شەعب، ماوەیەکی زۆر لەوێ دانیشتین، لەدەفتەری چایخانەی شەعبدا و لەسەر داوای خاوەنی چایخانەکە کاک عومەر شەریف محەمەد، یادەوەریەکی نووسی. پاشان چووین بۆ بەردەرکی سەرا، ئینجا بۆ گەڕەکی مەڵکەندی و پیرمەنسوور و مزگەوتی حاجی حان، ئەدۆنیس بەم پیاسە و گەڕانە زۆر خۆشحاڵ بوو.**

**-لە 4/20 سەرلەبەیانی بەرەو کۆیە بەڕێکەوتین، پێشتر چووین بۆ هەیبەت سوڵتان، ئەدۆنیس دیمەنی ئەو ناوچەیەی زۆر پێ جوان بوو، لەزانکۆی کۆیە پێشوازییەکی جوانیان کرد، لەهۆڵی کۆلێژی زمان بابەتێکی بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی کۆیە پێشکەش کردو هەندێ شیعری خوێندەوە، پاشان بوو بە گفتوگۆ، ئینجا چووین بۆ ناو شار و ئەدۆنیس حەزی لە ئەستووکە بەڕۆنی کۆیە کردو بە پەرۆشەوە دەیخوارد. دوای نیوەڕۆ بەرەو هەولێر ڕۆیشتین و لەوێ لە ئوتێلی شیراتۆن پێشوازی کرا. من هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ سلێمانی. بەڵام لە هەولێریشدا پێشوازییەکی شایستەیان کرد، لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لەهەولێردا بوو یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر و زانکۆی سەلاحەدین و گۆڤاری رامان، چەندین سیمیناریان بۆ ڕێکخستبوو، هەروەها سەردانیی قەڵای هەولێر و مۆزەخانەو چەند شوێنێکی تری کردبوو، بەرنامەی سەردانەکەی هەولێر بەم شێوەیە بوو:**

**-لە 4/21 کاتژمێر 10 تا 30،12 سەردانی بەشی عەرەبیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدینی کرد، لەوێ کۆڕێکیان لەبارەی شیعر بۆ سازدابوو. دواتر سەردانی پارکی سامی عەبدولرەحمان و پەیکەری جەواهیری کرد، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لەهوتێلی چوارچرا لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆدا خوانێک ڕێکخرا. دواتر سەردانی گەلەریی ڕۆژی کرد، ئێوارە لەهوتێلی چوارچرا لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێردا گفتوگۆیان لەبارەی ئەدەبیاتەوە ئەنجام دا.**

-له 4/22 سەرلەبەیانی سەردانی ئەکادیمیای کوردی کرد، پاشان سەردانی پارکی شانەدەری کردو گەلەریی ناو پارکی بەسەر کردەوە، نیوەڕۆ سەردانی قەلاّی هەولێرو مۆزەخانەو شوێنەواری سەر قەلاّی کرد. پاش نیوەڕۆ سەردانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کرد و لەوێدا کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەیان بۆ ساز کردو گفتوگۆیان لەبارەی شیعرو ئەدەب کرد. ئێوارەیش سازدانی خوان و ئاهەنگێکی هونەری بە بەشداری تیپی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بەڕێوەچوو.

-له 4/23 چاوپێکەوتن لەگەلّ تەلەڤیزیۆنی گەلی کوردستان، پاشان دانیشتن لەگەلّ ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی ژنان لەهەولێر لەسەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین. لەو کاتەدا ئێمە لە سلێمانییەوە، لەگەلّ سامی هادی و تەلّعەت تاهیر و محەمەد نوری و برادەرانی تر گەیشتینە هەولێر. ئەدۆنیس دوای نیوەڕۆ سەردانی شارۆچکەی عەینکاوەی کرد، بەتایبەتی سەردانی کەنیسەی کۆن و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سریانی و سەنتەری سابیئەی مەندائی. ئێوارە لەهوتێلی چوارچرا لەگەلّ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیران، خوان و ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی ساز کرا.

-له 4/24 پاش نیوەڕۆ لەگەلّ ئەدۆنیسدا چووین بۆ فرۆکەخانەی هەولێر کە دەبوو لەو ڕۆژەدا بگەڕێتەوە بۆ پاریس. کاتژمێر چوار مالّئاواییمان لە ئەدۆنیس کرد .

من بۆیە ڕۆژانی سەردانەکەم –بەکورتی- خستەڕوو، چونکە لەلایەک بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئەدۆنیس لە سلێمانی و هەولێر بوو، من و هەندێ لە برادەرانی تر، بەتایبەتی د.سەروەر عەبدوللاو تەلّعەت تاهیرو کاردۆ کامۆ و مدحەت کاکەیی، لەگەلّیدا بووین و ئاگاداری وردەکاریی سەردانەکەی بووین، لەلایەکی تر بۆ ئەوەی تارادەیەک هەندێ لایەنی ناوەڕۆکی قەسیدەکەی ئەدۆنیس ڕوون بێتەوە.

## - نامەکەی خالیدە سەعید و ئەدۆنیس:

له 5/22، تەلەفۆنم بۆ ئەدۆنیس کرد، وتی قەسیدەکەم بۆ کوردستان تەواو کردووەو هەفتەیەکی تر بۆت دەنێرم، بەناونیشانی (جذر السوسن)، وتی تەلّعەت تاهیریش ئاگادار بکەرەوە. لە ڕێکەوتی 2009/5/30 ئەدۆنیس و خالیدە سەعیدی خێزانی، لەڕێگەی ئیمەیلی خالیدە سەعید، ئیمەیلێکیان بۆ ناردم و لەگەلّیدا ئەم شیعرەیان نارد، لەنامەکەدا دەلّێ، یەکەمجار ئەم قەسیدەیە لەگۆشەی (مدارات)ی ڕۆژنامەی (الحیاە) بلاّودەکەمەوە، بەر لە بلاّوبوونەوەی لە الحیاە، لەهیچ شوێنێکی تردا بلاّوی مەکەرەوە، حەز ئەکەم ڕای تۆ و تەلّعەت تاهیر لەبارەی قەسیدەکە بزانم، پاشان بیدە بە پاشکۆی ئەدەبیی ڕۆژنامەی (الێباح)ی بەغدادی، دوای ئەوە خۆتان جێگای تر هەلّبژێرن بۆ بلاّوکردنەوە.

ئەمەش دەقی نامەکانیانە:

الأستاذ الكريم نوزاد أحمد أسود
تحية المودة والتقدير
تفضل باستلام رسالة من أدونيس  مع النص الذي كتبه حول رحلته إلى إقليم كردستان العراق
مع الشكر والمودة

خالدة سعيد

عزيزي الأستاذ نوزاد
تحية ومودّة
أرسل إليك النصّ، راجياً ألاّ يُنشَر إلاّ في مكانين
ـ ملحق جريدة "الصباح" في بغداد
ـ المكان الثاني أتركه لاختيارك، أنت والصديق العزيز طلعت
هذا مع الرجاء ألا يظهر النص قبل يوم الخميس، موعد صدوره في جريدة الحياة
في كل حال أنتظر رأيكما
مع خالص المودة

أدونيس

**ئەوەبوو قەسیدەکە لە 2009/6/4 لە رۆژنامەی الحیاه بڵاوکرایەوە، منیش نامەکە و قەسیدەکەم بۆ ئەحمەد عبدالحسین-ی بەرپرسی پاشکۆی ئەدەبیی الصباح نارد، لە 2009/6/10 لە پاشکۆی ئەدەبیی الصباح بۆ دووەمجار بڵاوکرایەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەو پاشکۆیە، لەگەڵ قەسیدەکەدا بەشێکیان لەنامەکەی ئەدۆنیس بڵاوکردبووەوە، وەک ئەوەی نامەکە بۆ ئەوان نووسرابێت، من لە ئیمەیلێکدا بۆ احمد عبدالحسین-ی شاعیر، تێبینییەکم بۆنووسی، ئەویش لەوەڵامدا داوای لێبوردنی کرد و بڕیاری دا لەژمارەی دواتری پاشکۆکەیاندا ڕوونکردنەوەیەک بنووسێت، هەفتەی دواتر لە ستوونێکدا لە 2009/6/16 ئاماژەی بۆکرد.**

## - بیرۆکەی  وەرگێڕانەکە:

**لەگەڵ تەڵعەت تاهیر بیرمان لەوە کردەوە بە دووقۆڵی ئەم شیعرە بکەین بەکوردی، من لەو کاتانەدا لەلایەک سەرقاڵی تاقیکردنەوەکانی کۆرسی دووەمی ساڵی یەکەمی دکتۆراکەم بووم، لەلایەکی تر تاقیکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەستی پێکرد کە دەبوو سەرقاڵی چاودێریی تاقیکردنەوەکان بم و دەفتەرەکانی  وانەکەی خۆم،**

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، تەیحیح بکەم، وەرگێڕانی ئەم شیعرەیش کارێکی ئاسان نەبوو و کاتێکی زۆری دەویست، دەبوو لەزۆر جێگادا پەنا بۆ فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان ببەین. کاتێک من قەسیدەکەم خوێندەوە و بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەو بەشانە وەربگێڕم کە لەگەڵ کاک تەڵعەت لەسەری رێک کەوتبووین، تەڵعەت وەرگێڕانی دوو بەشی درێژی قەسیدەکەی تەواو کردو بۆی هێنام بۆ خوێندنەوە و پێداچوونەوە، هەستم کرد من دەرەقەتی وەرگێڕانی ئەم قەسیدەیە نایەم، کاک تەڵعەتیش بەکوردییەکی جوان و بە گیانێکی شیعرییانە بەشەکانی تری وەرگێڕابوو، چونکە تەڵعەت بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ئەدۆنیسی خوێندۆتەوە و شارەزای شێواز و زمان و نهێنییەکانی شیعری ئەدۆنیسە، بۆیە پێم غەدر بوو ناوی من لەتەک ناوی تەڵعەت تاهیر لەوەرگێڕانی ئەو قەسیدەیەدا هەبێت، ئاگاداربووم لەوەی تەڵعەت بەعەشق و خولیایەکی زۆرەوە خەریکی وەرگێڕانیەتی و بۆ ماوەی چەندین شەو نەدەنووست و خۆی بە وەرگێڕانەکەوە ماندوو کردبوو. زوو زوو پەیوەندی بەئەدۆنیسەوە دەکرد، هەر وشەیەک یان هەر رستەیەکی لەلا نارۆشن بوایە، تەلەفۆنی بۆ ئەدۆنیس دەکرد و وەڵامی راستی لێوەردەگرت. هەروەها لەپاش تەواوکردنی هەربەشێک، پەیوەندی پێوەدەکردم و ئەو بەشەی بۆدەهێنام تا پیایدا بچمەوەو لەگەڵ تێکستە عەرەبییەکەدا بەراوردی بکەم.

## - لەبارەی ناونیشانی شیعرەکە:

دەشێت ئەم شیعرە بە (رەگی گوڵە سەوسەن) تەرجەمە بکرێت، یان بە (رەگی سەوسەن) و (بنەچەی سەوسەن)، تەڵعەت تاهیر ئەم ناونیشانەی کۆتایی پێ جوانتر بوو کە وردتر گوزارشت لە ناوەرۆکی قەسیدەکە و لە بنەچەی کورد دەکات، گوڵی سەوسەن کە لەکوردیدا گوڵی شلێریشی پێدەوترێت، گوڵێکە شێوەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام بە رەنگی وەنەوشەیی و گەڵای پانی دەناسرێتەوە، رەگێکی پتە و و درێژی هەیە، گوڵێکی تەمەن درێژە، بە پەرەکانی و قەد و رەگەکەیەوە مەترێک دەبێت، سەوسەن لەزمانی گریکیدا بەمانای پەلکەزێرینە دێت، ئەم گوڵە بەخێرایی گەشە دەکات و بەخێرایی زیاد دەکات. ئەم گوڵە لەگەڵ هەڵکردنی رەشەبا و زریان و وەرزە سەختەکاندا، دەژاکێت و پەرەکانی دەوەرن، بەڵام بەهۆی رەگە سەخت و پتەوەکەیەوە، نامرێت، لەپاش زریان جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە و بەهەمان رەونەق و جوانی، سەر دەردەهێنێتەوە، واتە گوڵێکی سەرسەختە و بەرگەی نەهامەتیییەکان دەگرێت، ئەدۆنیس ئەم گوڵەی وەک هێمایەک بۆ خۆڕاگری میللەتی کورد هەڵبژاردووە .

## - گرنگیی سەردانەکە:

بەبۆچوونی من ئەم سەردانە مێژووییەی ئەدۆنیس بۆ کوردستان زۆر گرنگ بوو، هەم بۆ ئێمە کە سوودێکی زۆرمان لێوەرگرت، هەم بۆ ئەدۆنیس خۆی کە بەشێوەیەکی روونتر کوردستان و خەڵکی کوردی ناسی، دواجار سەردانەکەی بووە مایەی بەرهەمهێنانی ئەم قەسیدەیە، کەلەمێژووی ئەدەبی عەرەبیدا هیچ شاعیرێکی عەرەب، بەو راستگۆیی و بەو بایەخ و گرنگییە، لەسەر گەلی کوردی نەنووسیوە.

ئەم شیعرە، وەک ئەدۆنیس خۆی وتی، وێڕای لایەنگیری بۆ کێشەی کوردو مافە ڕەواکانی، وەڵامێکی ڕاستەوخۆیشە بۆ ئەو ڕۆشنبیرە عەرەبانەی نارەزاییان بەرامبەر سەردانەکەی بۆ کوردستان دەربڕیووە لە ڕۆژنامەو سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا ڕەخنەو جنێویان بۆ نووسیوە.

## - بۆچی پێویستیمان بە ئەدۆنیسە؟

بەباوەڕی من فیکر و تێز و کتێبەکانی ئەدۆنیس بۆ ڕۆشنبیریی کوردی زۆر پێویستن، بۆچی؟ چونکە ئەدۆنیس ڕەخنەیەکی هەمەلایەن و سەرجەمگیر لەسەرانسەری بیری عەرەبی-ئیسلامی دەگرێت، واتە بەشەکانی ڕۆشنبیری و مەعریفە لەیەکدی جودا ناکاتەوە و ئەمانەش لەپەیوەستیاندا بەبیری ئاینییەوە دەبینێت و سەرجەمی ئەم پێکهاتە ئۆرگانییەش لەدەسەڵات جیاناکاتەوە، بەتایبەتی دەسەڵاتی ئایینی. بۆیە دەبینین ڕەخنەی ئەدۆنیس تەنها ڕەخنە نییە لە شیعر یان لە بیری کۆمەڵایەتی یان لە کەلەپووری رابردوو یان لە ئایین یان لە دەسەڵات، بەڵکو ڕەخنەیە لەسەرجەمی ئەمانە پێکەوە.

ئەدۆنیس پوختەی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی لە ئایین و بیر و کولتوور و ڕۆشنبیریی عەرەبی، لە کتێبی "ستاتیک و دینامیک" (الپابت و المتحول)دا دارشتووە، ئەمە ناونیشانی سەرەکیی پرۆژە فیکرییەکەی ئەدۆنیسە، کە لەدواییدا هەر بابەت و کتێبێکی ڕەخنەیی دیکەی نووسیبێ، بەجۆرێکی تر دەچێتە ژێر ئەو ناونیشانە سەرەکییەوە.

کتێبی "ستاتیک و دینامیک" فێرمان دەکات چۆن بە دیدێکی ڕەخنەیی، شیعرو کەلەپووری خۆمان بخوێنینەوە، چاومان بۆ بینینی ناشیرینییەکانی مێژووی خۆمان دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەم کتێبە، ڕەخنەیە لە بیرو مێژووی عەرەبی-ئیسلامی، بەڵام ئێمە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا دەتوانین بەئەندازەیەکی گەورە سودی لێوەربگرین و کۆمەڵگە و کەلەپووری خۆمانی پێ بخوێنینەوە، چونکە مێژوو و کەلەپوور و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ئێمە، تائاستێکی زۆر، نزیکە لەو کەشەی ئەدۆنیس لەبارەیەوە دەدوێت.

سەرجەمی تێزی ستاتیک و دینامیک گەڕانە بەدوای هۆکارەکانی داهێنان و لاساییکردنەوە لە فیکر و ئەدەبی عەرەبیدا، ئەدۆنیس لەوێوە بەنێو بونیادە مێژووییە قووڵەکانی ئەو کولتورەدا دەگەڕێت و هۆکارەکانی پاشکەوتویی فیکر و ئەدەب و کۆمەڵگەی عەرەبی دەدۆزێتەوە، ئەو وایدەبینێت بنەمای هەموو ڕاوەستان و بێبزاوتییەکی فیکر و ئەدەبی عەرەبی، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ڕێنماییکردنی کەلەپوور و نەریتی ئایینی، کە هەژموونی بەسەر تێکڕای ژیان و بیرکردنەوەی ئینسانی عەرەبیدا هەیە.

ئەدۆنیس لەم کتێبەدا، کە تێزی دکتۆراکەیەتی، هەموو لایەنەکانی فیکر و کولتوور پێکەوە کۆدەکاتەوە، واتە بەتەنها لایەنی شیعری یان لایەنی فیکری یان لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان یەکاڵا ناکاتەوە، بەڵکو تێکڕای ئەم لایەنانە لەکتێبەکەیدا، پێکەوە کۆ دەکاتەوە و ڕەخنەیان لێدەگرێت. بۆ نموونە لەبەشی یەکەمی ئەم تێزەدا، لە ڕژێمە سیاسییەکانی سەرەتاکانی ئیسلام و لە خیلافەت و بیری فیقهی و فیکری و شیعری و ڕەخنەیی دەکۆڵێتەوە، لە ئیمامی شافیعی و بنەما ئاینییە سیاسییەکان و لە شۆڕشی زنجییەکان و بزووتنەوەی قرمتییەکانەوە دەست پێدەکات، لە بەشەکانی دواتردا، لەتەک بزووتنەوە شیعرییەکاندا، لە خەواریج و موعتەزیلە و غەزالی و تەفسیرەکان و بزووتنەوەی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە، شانبەشانی بزووتنەوە ڕەخنەییەکانی ئەسمەعی و جاحڤ و جورجانی و ئیبن تەباتەبا و ئیبن موعتەز. پاشان لەئاستی ئەزموونە شیعرییە گەورەکانی ئەبونەواس و ئەبوتەمام و ئەبوعەلای مەعەڕیدا دەوەستێت و کەشفی داهێنانە شیعری و زمانەوانی و ڕوانینە جیاوازەکانیان دەکات.

لەدیدی ئەدۆنیسدا، رۆشنبیریی عەرەبی رۆشنبیرییەکی باو و سادەیە، رۆشنبیریی باویش رۆشنبیرییەکی ستاتیکی و جێگیر و بێجووڵەیە، لێرەدا هاوجومگەییەکی پتەو لەنێوان (ئاینی-سیاسی) لەسەرێک و (رۆشنبیری) لەسەرێکی تردا دروست دەبێت، بۆیە لە رۆشنبیریی عەرەبیدا مەعریفەی ئایینی تاکە پێوەرە بۆ مەعریفەی گشتی.

## - ئەدۆنیسی هاوڕێ:

زۆرجار لە قۆناغێکی ژیانتدا سەرسام دەبیت بە نووسەرێک و بابەتەکانی دەخوێنیتەوە و حەزدەکەیت لە نزیکەوە بیناسیت، ئومێد دەکەیت چاوت پێبکەوێت و لەگەڵیدا دابنیشیت و دیالۆگی لەگەڵدا بکەیت، کەچی کە لە نزیکەوە دەیناسیت، نائومێد دەبیت و گومان لە نووسینەکانیشی دەکەیت، کە ئاستی رۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی دەزانیت، پەشیمان دەبیتەوە لەوەی کە رۆژێک سەرسام بوویت بەو نووسەرە، یان نووسەری وا هەیە سەرسامیت بە بەرهەمەکانی و دەیانخوێنیتەوە، بەڵام حەز ناکەیت لە نزیکەوە بیناسیت، ئیدی ئەو نووسەرە، یان دوچاری فیز و لەخۆبایی بوون بووەو خۆی بە پێغەمبەر دەزانێت، یان شێوەی قسەکردن و باری سایکۆلۆجیی بەچەشنێکە ناتەوێ لەنزیکەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، یان ئەو هەستەت دەداتێ کە خۆی زۆر گرنگە و لەسەرووی تۆوەیە و تۆ لەئاستی ئەودا هیچ نیت، لەحاڵەتی لەو چەشنەدا بەهیچ جۆرێک ناتەوێ چاوت بەو نووسەرە بکەوێت، نموونەی ئەم چەشنە نووسەرانە لە نێوەندی رۆشنبیریی ئێمەدا زۆرن.

کەمجار  وا رێک دەکەوێت نووسەرێکت خۆشویستبێت، لەپاش ناسین و دیدەنی، پتر خۆشت بوێت و سەرسامیەکەت زیاتر بووبێت. ئەدۆنیس، بەباوەڕی من، لەو چەشنە نووسەرانەیە کاتێک لەنزیکەوە دەیناسیت، پتر سەرسام دەبیت و پتر خۆشت دەوێت. من بیست و پێنج ساڵ زیاترە بەرهەمەکانی ئەدۆنیس دەخوێنمەوە و زۆر سەرسامم بە تێز و بیرکردنەوە و نوسینەکانی، حەزم کردووە پەیوەندیی پێوە بکەم و چاوم پێ بکەوێت و دیالۆگی لەگەڵدا بکەم. لەم سەردانەیدا بۆ کوردستان، چانسی ئەوەم بەرکەوت بۆ ماوەی هەفتەیەک پێکەوە بین، دواتر سەرسامی و خۆشەویستیم بۆ ئەدۆنیس و بۆ نووسینەکانی زۆر زیاتر بوون، چونکە سەرباری ئەوەی رۆشنبیرێکی جیهانی و فیکرێکی گەورە و نووسەرێکی مەزنە، تا بڵێی کەسێکی نەرم و کراوەو میهرەبان و قسەخۆشە.

ئەدۆنیس زوو دەبێت بە هاوڕێت، هەرئەوەندە بزانێت دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەییت نییە و دەتوانی دیالۆگی لەگەڵدا بکەیت، لێت نزیک دەبێتەوە و خۆی دەسپێشکەری دەکات. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە کوردستان بوو، بوو بە هاوڕێی ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران و نووسەران و رۆشنبیرانی کورد، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی خەڵکی کورد دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەییان نییە.

لە ژیانمدا نووسەرێکی  وا جوان و نەرم و خۆش و رۆشنبیرو کراوەو سوعبەتچیم نەدیوە کە لەیەک کاتدا هەموو ئەم سیفەتانەی تێدا بێت و لەگەڵ گەنجاندا هاوڕێتی بکات و هیچ گرێیەکی دەروونیی نەبێت. تەنانەت کە رەخنەیشی لێدەگریت، زۆر بە هێمنی گوێت لێدەگرێت و زۆریش بە هێمنی  وەڵامت دەداتەوە.

## بنەچەی سەوسەن

## ئەدۆنیس

سلێمانی . هەولێر . پاریس
14. 30 نیسانی 2009

(أ)

### پیرەمەگروون

لە سلێمانی.. پیرە چیا، عەبای تیشک و سێبەر لەبەردەکا و
سڵاو بۆ فورات دەنێرێ
لە ئاوێکدا سەیری دەکەم، کە لەگۆزەی هەورەوە هەڵدەقوڵێ و
لەسەر پلیکانەکانی کە چەشنی پەتی سپین، هەڵدەخلیسکێ،
سەیری دەکەم و چڵەپۆپەکانی ئاسۆ دەخوێنمەوە،
ئەگەر دۆستی بیت، پێش تۆ بانگت دەکا: هۆ براکەم.

ئەوەتا.. دەست لە شانی ئەو خاکە دەدات
کە لە پێشمدا راکشاوە.
دەست لە شانی هەموو شوێنێکیش دەدات
کە ئاهەنگی جەستەی تێدا بێت.
پێم گوت: پیربوونی خۆم خۆشدەوێ،
بەڵام هەنووکە حەز دەکەم منداڵ ببمەوە و
فێر ببم چۆن پڕ بەدڵ یاری لەگەڵ بەفر و هەوردا بکەم.
بە خۆشم گوت: کەواتە خەیاڵ بە دەوارێکەوە دەکەم،
هەموو کاروانەکانی شیعر و خۆشەویستی و هاوڕێیەتیەکانمی
بۆ ببەم و
ئەو شتانەیش ببەم کە ناویان نادرکێنم،
نهێنین و بەسەر ئەو گوند و شارانەی پەرت بکەم
کە مانا پێی خۆشە.

لەناو کاروانی ئەو پەپوولانەی

**كە شیلەی كێڵگەكانیان هەڵدەمژی: بە ئاگا هاتم.**
**وشەكانیش، چەشنی ئەو عاشقانەی دوگمەكانیان دەكەنەوە :**
**بە ئاگا هاتن،**
**لەم وشەیەدا، دۆڵێك خۆی شاردۆتەوە.**
**لەو وشەیەدا، نشینگەی هەڵۆكانی چیا هەیە،**
**لە هەندێ وشەشدا هێلانەی باڵە نەناسراوەكان هەن.**
**هەموو چركەیەكیش بۆ ئاوی شەهوەت ببووە سوراحی.**

**چەندین جار..**
**لەو هاوپەیمانییە هەڵەم كردووە كە لەگەڵ هەوادا بەستوومە،**
**خودی هەوا خەمی ئەو هەڵەیەی لەسەر سووك دەكردم و**
**سەبارەت بەخۆی دەیگوت:**
**بۆ ئەوەی بە باشی خۆشەویستی بكەم،**
**پێویستیم بە ئاوارەیی و ون بوون هەیە.**

**دەبێ لەبەر ئەمە بێت، هەمیشە ئەو شتانەم خۆش دەوێ**
**كە نایانزانم؟**
**دەبێ لەبەر ئەمە بێت، هەمیشە دڵم دادەخورپێ كە دەبیسم**
**بێداریی شێتی،**
**گاڵتە بە سەرینی عەقڵ دەكا؟**
**ئەمەیە وا دەكات هەمیشە پەڕەمووچی پرسیار بار بێت بەسەر**
**كۆشكەكانی یەقینەوە؟**

**بەڵام، ئەی مەحاڵ**
**ئیتر كەی بڕیار دەدەی تەسلیمی مەرەكەب بیت:**
**ئەی بەدخووی شەفاعەتكار؟**

(11)

## عومەری خاوەر

زوو، وەک چۆن سپێدە لە چرپاکەی هەڵدەستێ و
بە پاڵتۆی خۆرەوە دەچێتە دەرەوە: چووینە هەڵەبجە،
یادێکی تەڕی کیمیاوی یاوەرمان بوو،
دەمبینی چۆن گڕ لە یادەوەرەی کێڵگەکان بەر دەدات،
هەورێکی پچڕ هاوڕێمان بوو،
پارچەکانی جیادەبوونەوە، یەکیان دەگرتەوە،
دەنیشتەوە وەک ئەوەی هەناسە هەڵکێشان و
دانەوەی ( با ) بێت.

بەو خۆڵبارینەمان گوت کە بای باشوور دەیهێنا:
تکایە هەڵکردنت کەمێک دواخە.

ڕێگا.. کۆمەڵێک ماڵ بوو،
وەک بەرزی و نزمی لە ماسوولکەی ماددە.
سرووشتم بینی لەو ماڵانە، مەمک و قاچەکانی دەشۆرد،
بینیم لەبەردەرگا شانی داوەتەوە و قژی بەرداوەتەوە و
سڵاو بۆ کوڕە هاتوو و،
ڕۆیشتووەکانی دەنێرێت.
ڕێگا.. منداڵێک بوو لە خەونەکانی درەخت ورد دەبووەوە.
ڕێگا.. برینێکی خوێن لەبەر ڕۆیشتوو بوو
لە پەیکەرەکانی خۆڵ دەچۆڕا.
ڕێگا.. بێدەنگییەک بوو
کەمەری بۆشایی ئاسمان بەسەریدا لار ببۆوە.
کتوپڕ هەڵەبجە: عومەری خاوەر-
گوێم لە وێنە بوو، دەنگەکانم بینی،
بەرد بە دزییەوە دەگریا.
لە پانتاییەکدا کە لە مەودای خونچەیەک تێپەڕ نەکات:
خۆر وەکو بۆشایەکی سوور لە جەستەی ڕۆژ دەهاتە بەرچاو.
کێڵگەکانیش چرپای پلیکانەکانی ئازار بوون،
کە بەرەو هەسارەکانی خودا هەڵکشابوون.

**عومەری خاوەر:**
**هەورەتریشقەیە لەناو هەست و خەیاڵ،**
**لەناو پێشبینی و هەناسە و ئاخاوتندا،**
**ترسێکە لەسەر خۆڵ دەکشێ.**
**شێوە و تەنەکان: فەلەک دەلەرزێنن و**
**سەر لە مانا دەشێوێنن.**
**چۆن مرۆڤ لە گۆڕەپانی نیشانشکێندا دەچەقێندرێت**
**کە پێی دەڵێن کوشتن؟**
**چۆن کەللەسەر دەکرێتە دروشمی نیشتمان؟**
**مانا؟ کێ دەتوانێ، کێ دەزانێ فوو بە بووقی مانادا بکات؟**
**ژیان و مردن ئاوێتەبوون و سەریان لە منیش تێکداوە.**
**مردنم بینی هەر جارەی شێوەیەک دەنوێنێ و**
**ئەویش سەری لێشێواندووم:**

**مردنێک لەگەڵ مردندا دەجەنگێ. مردنێک مانگ و خۆر لەسەر یەک چرپا کۆدەکاتەوە. مردنێک کونێکە لە جەستەی مردندا. مردنێک ئاگاییە لەناو مردندا. مردنێک پەراسووی ژیانە. مردنێک جەژنی مردنە. مردنێک گۆڕی منداڵە و گۆڕی ئەنفالە. مردنێک زارە. مردنێک بووکەشووشەیە. مردنێک نەخشەی خولگەکانە. مردنێک کێڵگە و چاندن و دروێنەیە. مردنێک کانییە لە کەژی لمدا. مردنێک پلیکانەیە بۆ مردن. مردنێک کەنارە. مردنێک چارۆگە و لەنگەرە. مردنێک سوارە و ئەسپیشە. مردنێک گاڵتەجارییە. مردنێک دەسلەملانێییە. مردنێک لە کۆشی منداڵێک دانیشتووە. مردنێک لە دەریاچەی فرمێسک خۆدەشوات. مردنێک بەندییەکی بەندگرە. کوژراوێکی بکوژە. مردنێک تەور و تارە. مردنێک بە سەربڕاوی سەما دەکا. مردنێک بە کوردی گۆرانی دەڵێ و بە عەرەبی یاد دەکاتەوە.**

**مردنێک بەغداد و هەولێرە لە یەک کەوادا.**

**کێیە دەڵێت بێشکەیەک هەیە بۆ بێلایەنی و**
**شتەکانیش تیایدا سڕن؟**
**شتەکان ئەگەر غوبار بن یا مانگ،**
**گوڵ بن یان زەمبیلە، شادی بن یان چەوسانەوە :**
**لە نوێنی نیگادا دەخەون و لەچاویشدا بەئاگادێن و**
**بینینیان بەخۆیان داداوە.**
**بەم شێوەیە، هەڵەبجە بێدارە ئەگەر لە نووستووش بچێت.**
**هەمیشە بەشێکی دەسلەملانێی کۆتاییەکانی شەوە و**
**بەشێکیشی دەستلەملانێی سەرەتاکانی سپێدەیە .**
**هەمیشە خۆری لێ هەڵدێت و مانگی تیادا نیوە دەبێت.**
**هەمیشە هەرای ئاپۆرە یاوەرێتی.**

تیشكێكه له سه‌رووی بیرچوونه‌وه و له‌ودیوی هه‌ستكردنه‌وه.
هه‌ڵه‌بجه كێڵگه‌یه‌كی مردنه و
گاسنێك تێیدا نیشته‌جێیه كه پێی ده‌ڵێن ژیان.

به گالیسكه‌یه‌ک كه ئه‌سپی هه‌وا رایده‌كێشا،
ئه‌ستێره‌كان به‌ره‌و ترۆپكی دره‌وشانه‌وه ده‌چوون،
دره‌ختیش به ده‌سه‌سڕی شین و سپی
خه‌می روخساری ده‌سڕیه‌وه،
له كاتێكدا خونچه‌كان ده‌بوونه قه‌ڵه‌م و
سه‌ردوولكه‌یا ( □ )بۆ منداڵه سوتێنراوه‌كان ده‌نووسی.
به باشم زانی عه‌نباری ئه‌و رۆژانه نه‌كه‌مه‌وه
كه پڕن له نامه‌ی ئه‌و ژنانه‌ی به ئامێری كیمیا توانه‌وه.

په‌رژینی سومبول له‌ده‌وری گۆڕستانی به‌كۆمه‌ڵدا
وێنه‌ی لێ هه‌ڵده‌قوڵێ/
ئه‌ستێره‌یه‌ک ده‌نووشتێته‌وه
تا ناوی خۆی له‌سه‌ر گۆڕی ژنێک بنووسێت.
ئه‌ی شیعر، له چاڵه‌كانی شوێنه‌وه ڕۆبچۆ.
تۆش ئه‌ی ئه‌ندێشه، له‌ناو شاردراوه‌كانیدا وه‌رچه‌رخێ.
مردن كاغه‌زه‌كانی له چه‌كمه‌جه‌ی زه‌مه‌ندا جێهێشت و
به ئه‌مانه‌ت به ( با )ی سپارد.
گۆڕستان ده‌رگای داخست و
خه‌ریكی خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و نامه‌یه بوو كه بۆم نووسیبوو.

گۆڕه‌كان له‌سه‌ریان نووسرابوو:
)بۆردومانی كیمیاوی ده‌توانێت هه‌موو شتێک بكوژێت
ته‌نیا خۆشه‌ویستی نه‌بێت(

هه‌ڵه‌بجه به‌رامبه‌ر ئه‌و مرۆڤانه‌ی هزریان كه‌شوهه‌وای نییه
چی له ده‌ستدێ،
چی بكات بۆ ئه‌وانه‌ی ئه‌لف بآیه‌كیان نییه؟

هزره‌كانیان چه‌شنی كۆشكه پیره‌كان پووكاونه‌ته‌وه،
ئاڵاكانیان په‌ڕۆی سڕینه‌وه‌ی تۆپ و زرێپۆش و فڕۆكه‌یه.

ئەوەتا شەڕی گەلەکانە،
هۆزەکانیش وەکو برنج لە سەربازگەکاندا پەرش دەکرێن،
لە ئاسۆشدا هیچی دیکە نییە بێجگە لە ڕژانی ئاگرێک
کە لە کوڵخەنی تایەفەکانەوە دەتەقێتەوە.
هەموو جوانییەکیش نەفرەتلێکراوە.
ئەمە ئێستایە دەنگی دێ لە شێوەی زەنگی پێش بەدبەختی،
ئەمە سەردەمێکی کرژە،
تەنیا ستەمکار و دەربار و پەڕاگەندە بەرهەم دێنێ.

ڕاستە ( با ) توند هەڵیکردووە،
بەڵام وەک ئەوە وایە بەر هیچ نەکەوێت،
بەسەرماندا تێدەپەڕێ و بەناوماندا گوزەر دەکا،
کەچی بێجگە لە غوبار و خۆڵەمێش هیچی دیکە بەدی ناکا،
وەک ئەوەی ئێمە هیچ بین لە دەستی شتێکدا.

هەڵەبجە دەتوانێت چی بەو کەسانە بڵێت کە دەڵێن:
تەنیا گۆڕینی جلوبەرگت بەسە،
بۆ ئەوەی جیهان بگۆڕیت؟

عومەری خاوەر دەڵێت:
شێوەی مرۆڤت هەبێت
بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیت.
دالیا پێم بڵێ: ئەمە چۆن روویدا،
جارێکیان مانگی هەڵەبجە خۆی لەنێوان مەمکی ژنێک شاردەوە
کە لە گیانەڵادابوو و رووی کردبووە گومەزی گەردوون؟
چۆن روویدا کە هەموو شتەکان لە شێوەی منداڵ دەگریان؟
دالیا، لەسەر ژن پێویستە ناوێکی نوێ بدۆزێتەوە
بۆ ئەوەی کە پێی دەڵێن واقیع و
ئەوەی پێشی دەڵێن وەهم.
پێویستە کەشتی و گالیسکە بۆ خۆشەویستی درووست بکات و
بەبێ چارۆگە و کەشتیەوان
بیداتە دەست شەپۆلەکانی رەنگ و مەرەکەب.

چۆن لە هەڵەبجە بچمە دەرەوە؟

ئەو درەختەی سوتێنرابوو
لە خۆڵەمێشەکەی ماڵێکی بۆ گیا چێدەکرد.
لە هەموو لقێکی هەموو درەختێکدا
دوو لێو هەن دەخوێننەوە، دوو چاو هەن دەگرییێن.
ئەلفوبای کوردیم بینی لە پارچە و داروپەردوو پەرشدەبۆوە
پیت... پیت
وێنە...وێنە
وەکو ئەو گەردانەی لە غوباری شکۆفەی بەهاردا بڵاودەبنەوە.

نەخێر.. قەسیدە بۆ ئەوەی سڵاو لە هەڵەبجە بکات
ناتوانێ لەسەر کاغەز بوەستێ.
دە کەواتە با لەسەر ناوچەوانی جیهاندا بمێنێتەوە.

( III )

## ئەمنە سوورەکە

ئەلف بێی مێژوو ئاوێنەی شکاون:
پارچە شووشە هاوار دەکات:
داوا لە ئازار بکەن منداڵیی بلاوێنێتەوە،
داوا لە گولاو بکەن نەخشەی گوڵ لە جەستەی ژنان بکێشێت،
داوا لە چاو بکەن لە رۆژ بپارێتەوە
تا مێژووی شەو بنووسێتەوە و

سەیرکەن:
لە هەموو سوچێکی ئەمنە سوورەکە
پرسیارێک هەیە لە ژێر ددانیدا عێراق دەهاڕێ.

رێرەو و هەیوانێک لەخۆت دەگرێت، کە پێیدا دەرۆیت،
پارچە شووشە هەن:
ئاوێنەن بە ژمارەی ئەو کوردانەی زۆرداری ئەنفالی کردوون:
سەد و هەشتا و دوو هەزار پارچە.
لە بنمیچدا پێنج هەزار گلۆپ دەدرەوشێنەوە،
بە ژمارەی قوربانیانی بۆردوومانی کیمیاوی.

بە هۆی ئەم هەیوانەوە
ئەمنە سوورەکە تەنیا ئەشکەوتی جەستە هەڵواسراوەکان و
لە خاچ دراوەکان و پارچەکراوەکان نییە،
گۆڕا..، بووە کارێکی هونەریی بۆ شکۆداری مرۆڤ و
منارەیەک بۆ ڕەوشتی کار و خەبات.

پێشتر هەیوان ڕێڕەوێکی کراوە بوو بە ڕووی ئازاردا،
ئەمڕۆ بە کردەی هونەر،
بۆتە ڕێڕەوێکی کراوە بە ڕووی ئازادی.
هەرچی سومبول بوو بۆ مردن، بۆتە سومبولی ژیان :
ئامرازەکانی ئەشکەنجە، بەندیخانەکانی،
بڵندگۆکانی، ئامێرەکانی تۆمارکەری دەنگ،

که دەنگی منداڵ و ژن و پیر پەخش دەکا،
هەروەها تۆپ و تفەنگەکان، و دەنگی فڕۆکەش.

ئەندازیاری ڕێڕەوەکە گوتی:
تۆمارکردن کۆتایی نەهاتووە.
لە گۆشەکاندا کۆتەڵ و پەیکەر دادەنێین کە دەڵێن:
ئەوەتا جەور و ستەم، ئەمەتا وێرانی و ئازار.
هەنووکە بەم شێوەیە دەچیتە ژوورەوەی ئەمنە سوورەکە:
وەک ئەوەی بچیتە ماڵی هونەر.

کورد لە ئەوی دیکەدا پەرتەوازە کراوە
)ئەمە سەرکەوتنە یان شکست؟(
ئەوجا ئەگەر مێژوو پەرتەوازەی کردبێت،
یان نەتەوایەتی، یان دەمارگیری،
یان نەخشەکان، یاخود سیاسەت.
کورد ئەوی دیکەیە لە خودێکی فرەدا:
عەرەبی بێت، تورکی بێت،
یان فارس )ئاخۆ ئەمە پڕبوونە یان بەتاڵی؟(
هەر یەکێک لەو خودانەش دەیەوێت ڕەتیکاتەوە.
بەڵام ئایا ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە، ڕەتکردنەوەی خود نییە؟
ئایا ئەم ڕەتکردنەوەیە شێوەیەکی دیکەی مردن نییە؟
بەڵام، ئەوەتا مێژوو _ بە کار و خۆشەویستی ئاوەدانە و
وێنەی شوێن دەگۆڕێت.

( IV )

## مەڵکەندی

لە مەڵکەندی- دەنگە بێ شوێنەکان،
لە هەموو شوێنەکاندا دەردەچن.
دەنگەکان بەرخی ئەو شوانانەن
کە لە مەزەندەدا نیشتەجێن، و
بە خورییە رەنگدارەکەی دەرگا و دیوارەکان دەچنێ،
هیچ هێمایەک نییە تەنیا مانگێک نەبێت کە نابینرێ،
هەرچەندە ورتە و ئاماژە دەهاوێ.
هەنگاوەکان لەسەر شۆستە دێن و دەچن،
خۆڵیش بە زەحمەت
لە چنگی حیکمەتە کۆنەکان دەربازی دەبێ.
لەنێوان بورجی فەریک و بورجی قرژاڵدا
فەلەک کاغەزەکانی بەخت بڵاودەکاتەوە.
هەموو شتەکان بە تەپوتۆزێک خۆیان دادەپۆشن
کە بە کارەبای ئەو ساتە بارکراوە .
منداڵەکان دەزانن
چۆن بە تۆزی پێیان فرۆکە کیمیاوییەکان بشێلن،
دەشزانن چۆن بەیداخی هەرا و زەنا بەرز بکەنەوە و
هەراش بەیداخی یاری.
رۆنی زەمەن خۆشترین خواردنە،
زەمەنیش بە دەزووێک بەندە
کە لە چنراوێکی شینی ئاسمانی هاتۆتە خوارەوە.
خۆر کورسییە گەرۆکەکەی دەشکێنێت و
بە پێ خاوسی رێدەکا.
هەموو شتێک سواری شەمەندەفەرەکەی خۆی دەبێت و
دەچێتە دوا وێستگەی، کە بریتییە لە: شەو

مەڵکەندی _ تارمایی تێدایە هی حەلەبە،
شەبەنگی تێدایە لە دیمەشقەوە،
وەک ئەوەی کێلی ئەو گۆڕانە بن لە ئاسماندا دێن و دەچن.
جووڵە کورێکە کۆتایی دێ و باوکێکیشە بێ کۆتایی.
گۆڵاوێک هەیە لەو شووشانەوە دەپرژێ

که ئیسلام پیرۆزی دەکا،
ئەو ئیسلامەی بە تەنیا هی هەژارانە.
لێرە نەفسی خۆت دەبینی،
سێبەرەکانیشی دەبینی کە لە هەوری وەسوەسەوە دادەبارێن.
هەردەم حەزێکی نهێنی فریوت دەدا
تا دەستت بەر شەبەنگێک بکەوێت و
یەخەی تارماییەک بگریت.
ئەوسا هەست دەکەیت لە یەک بەرگدا،
تۆ ئێستا و رابردوویت.
قەیسەری نەقیب،
گومەز و دەرگا و تاقەکانی، باخچەی هێڵ و رەنگن.
شەقامەکان تکا و پاڕانەوە نین،
شەقامەکان جەژنی ماددەن و
لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی دیکەت دەبەن،
گوێت لە جەستەت دەبێ
کە تیایدا لق و چڵی دارستانیک دەلەرێتەوە کە ناوی: خۆشییە.
عەتارەکان، گۆڕەپانی شێخ مەحمود، گۆڕەپانی سەرا، کتێب :
هیگل و نیتشە سەرقافڵەن،
ئەگەر لە مافی چاپ و ئازادییەکانی بپرسیت
دیمەنەکە دەگۆڕێت :
ژنن، پەڕ پەڕ گوڵ گوڵ دەوەرێ َن.
هەموو ئەستێرەیەک بسکی هەیە
کە لە پەتێکی نەبینراوی خۆری خوشکە گەورەیاندا شۆڕبۆتەوە.
کڵاشێکی سپی کە دەستێکی کوردی چنیویەتی،
پانتۆڵێکی جینز کە دەستێکی دیکە دروستی کردووە.
ئەی کات، لەسەر کورسیەک: دار بێت یان بەرد دانیشە،
یان لەسەر رایەخێکی سووری خوری دانیشە.
لە دوکانێکی درێژکۆڵەدا شەهوەتێک هەیە
بە مژۆڵەکانی گوڵی راموسانی لە باوەش گرتووە.
لە دوکانێکی دیکەدا بەڵام خڕ،
بۆنی دارچین و ڕازیانە هەڵدەستێ،
جۆری دیکەش لە بۆن و بەرامە و بەهارات.
بازاڕێکە تیایدا پێیەکان دەکوتن،
وەک ئەوەی قوڕی سەردەمەکان بشێلن.

فۆتۆکان دەدەرەوشێنەوە، یا هێما دەکەن، یان سەما.
ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆشاییەک پڕ دەکەنەوە
کە بە بۆشی دەمێنێتەوە.
ئاسمان چەند چەترێکی کون کونە و
هەواش ئاخ بۆ ئەو باڵندانە هەڵدەکێشێت  پەڕوباڵیان کراوە و
دەنگیان قوڕگی ڕێڕەوەکان قوتی دەدا.
ئەمە ژیانی ڕۆژانەیە و برینی خۆی لە ئامێز گرتووە،
ڕێگە بۆ خۆی دروست دەکا و ڕێگەی دیکە دەدۆزێتەوە.
ئاوێکی مۆن لە ئاوێکی دەم بە خەندەدا ون دەبێ.
لە هەنگاوێکدا کە ڕاست و ڕەوان پێشدەکەوێ،
ئەو هەنگاوانەی سمکۆڵیاندا زیندوو دەبنەوە.
ئەمە شەهوەتی ژیانە لەسەر تەختی خۆیدا دەنیشێت.
لە موتڵەقدا بەڵێ نییە، نەخێریش نییە،
دەشێت ئاخاوتن برین بێت.
دەشێت برین ئاسۆ بێت.
سەرت لەسەر سینگی خۆر دانێ .
ئەمە ئەبەدییەتە لە شێوەی پانتۆڵێکی فراوان.

(٧)

## چایخانەی شەعب

)عومەر شەریف محەمەد(

خاوەنی چایخانەکە بەشێوەیەک پێشوازی و بەخێرهاتنت دەکا
وەک باوەش بۆ دۆستانی بکاتەوە.
زار، دۆمینە، روناکبیران، نووسەران، شاعیران،
هونەرمەندان، رۆژنامەنووسان، پەیامنێران، خوێنەران :
یەک ئۆرکستران، گەر زمانەکانیش جیاواز بن.
تارێکی فرە دەنگن لەنێوان کورسی و پیاڵەچایەکاندا
پێچاوپێچ دەدا.
لەسەر هەر کورسیەکدا:
یادەوەریەک خەمی خۆی لە چۆڵەوانیدا،
یان لە سینگی درەختێکدا،
یان لە ملی کۆترە کێویەکدا جێهێشتووە.
هیوا لە بەرگدروو دەچێت شەو دەدڕێنێ و رۆژ پینە دەکا.
زەمەنیش لە وێنەیەک دەچێت
لە چاوەڕوانی ماناکەیدا بتلێتەوە
تا بۆی بگونجێ.
چایخانە زێتر لە شانۆیەک دەچێت،
ناوێکی ترە بۆ ئاسمانێکی دیکە،
تیایدا بە پلیکانەکانی یادەوەریدا
وێنەی شاعیرە کوردەکان شۆڕبۆتەوە:
بابا تاهیری هەمەدانی، مەلا ئەحمەدی جزیری،
ئەحمەدی خانی، مەلا خدری نالی، سالم، مەولەوی،
حاجی قادری کۆیی، مەحوی، پیرەمێرد، حەمدی،
ئەحمەد موختار، فایەق بێکەس، نوری شێخ ساڵح،
عەبدوڵلا گۆران،
ئەوانیتریش کە شێرکۆ بێکەس دواکەسیان نییە،
لەوان و بەوان ناخی سروشتی کوردستان تەقیوەتەوە.
لەوان و بەوان
گەردوون بە چاوی جوانی و حەز و خۆشەویستی دەخوێنرێتەوە و
بە مەرەکەبی هەناسە وێنەی دەکرێ.

ئەو نووسەرانەمان دێننەوە یاد
کە باسی رۆشەنبیری دەکەن
وەک ئەوەی لە کتێبدا مەلە بکەن و لە ئاودا بخوێننەوە.
ئەوکات تیشک و سێبەرمان تێکەڵ دەکرد:
کامەیان نان بوو، کامەیان خوێ_
کاتێ دوایین کولێرەمان بەش دەکرد،
کە ئەوساتە لە تەنووری ئەمێدەوە دەرچوو بوو.
دووکەڵ وەکو پۆلیس هەوای راو دەنا.
بە نهێنی لەو چایخانە شاردراوەیە رۆدەچووم
کە لە ناو چایخانەکەدابوو_
بینیم چۆن ئەژنۆ شین و مۆر دەبێتەوە
کاتێ لەسەر بەرماڵی دەقیقەکاندا کڕنۆش دەبا،
بینیشم ئاسمان بە ناوی ئایندە چۆن جاڵجاڵۆکەکانی دەردەکا،
هەندێک هەن دەڵێن بۆ ئەوەیە
ماڵیان لەسەر روخساری ئێستادا چێ بکەن.
بیستیشم یەکێک دەیگوت:
پێویستە لە دەرەوەی ئاسمان، ئاسمانی تر دابهێنین.
دەی محەمەد چایەکمان بدەرێ و باچاکە شەعبی بێت.
لە چایخانە دەچمە دەرەوە،
ژنێک تێدەپەڕێ: جەستەی پڕە لە چاو.
پیاوێک تێدەپەڕێ: جەستەی پڕە لە سرووشت.
ئایا بۆشایی واهیمەیە؟ ئایا وشەی بۆشایی بۆش نییە؟
وەک ئەوەی چایخانەکە ئەم دوو پرسیارەی ئاراستە کردبم.
لە دڵی خۆمدا وەڵامم دایەوە:
بینراوێک نییە بەدەر لەوەی چاو دەیبینێت.
مۆتەکەی سەرباز و کیمیا ئەدگاری چایخانە دێنێ و دەبا.
چایخانە، دەسەڵاتی کار و خۆشیی تەمبەڵیی ئاوێتە کردووە:
لەبەر ئەمەیە تەمبەڵیی ناخەوێت
تەنیا لە باوەشی کارێکی دیکە نەبێت؟
چایخانەکە دەڵێت:
)من ئەو شارەم هەمیشە بە شوێن خۆیدا دەگەڕێ،
تیایدا من: زمانێکم، بۆ ئەوەی زۆربڵێ نەبم، رادەبوێرم(

لە چایخانەکەدا قۆری غەیب بە شکاوی،

دەڕژایە ناو چای واقیع.
لە چایخانەکەدا / مردنمان خستە ناو قەفەس و
باڵندەکانی ژیانمان بەڕەڵاکرد.
دەنگێکی تەنیا گوتی:
بۆیە پەنجەرەکانی چایخانە فێڵبازن
چونکە هەوا هەردەم پێی خۆشە لەسەریاندا ببێتە شا.
لەو چرکەیە،
مێژوو چووە ناو چا، چووە ناو ئاوی سرووشت،
پێش ئەوەش چووبووە ناو ئاوی خۆشەویستی.
لەوساتە،
مێژوو لە عەبای هۆز یاخی دەبوو،
دەیویست ببێتە ماڵێکی بڵند لە شاری گەردوون.
لەو چرکەیە،
مێژوو هاوپەیمانیی لەگەڵ هونەر بەست و
باڵی نوێی داهێنا.

(VI)

## عێنکاوە

| | | |
|---|---|---|
| سەردەمەکان | رژێمەکان | مێژووی کاغەزەکان |
| کۆمەڵکوژییەکان | سوپاکان | روبارەکانی دانایی |
| دەربەندەکان | بەرزەخەکان | پەندەکان |
| ئامۆگارییەکان | وێنەکان | پەیکەرەکان |
| کۆتەڵەکان | تاقەکان | ئاوێنەکان |
| کۆشکەکان | کێلەکان | زامەکان |
| پردەکان | خوێ_خوێن | |

ژوورەکانی کوشتن  لە دەمارەکانی مێژوودا دێن و دەچن،
ئەشکەوتەکان کە ناویان لێنراوە هەسارە

| | | |
|---|---|---|
| سروودەکان | سنوورەکان | ئاوارەییەکان |
| رێگاکان | شارەکان | سەکۆکان |
| گوتارەکان | پەرژینەکان | یادەوەری... |

ئەدی ئەو ئاسۆیە چییە دەشەلێ
وەک ئەوەی هێشتا لە هەناسەیدا سەراب هەڵکێشێ؟

_ئەمانە هەمووی: بەش و ناوبڕەی ئەو پێشەکییانەن،
پێویستە لە یادت بێ کاتێ بەرەو عێنکاوە دەڕۆی.
پێشتر لە هەولێر قەڵا _ مۆزەخانەم بینی بوو،
چۆن دەستی کوردی لەناو مۆزەخانە،
مۆزەخانەیەکی بۆ جوانیەکی نایابی کێوی دروست کردووە،
رایەخ و پۆشاک و عەبا و
زۆر شتی هەمەجۆر و دەگمەنی دیکەش.
باخچەکەی سامی عەبدولرەحمانم بینی
کە بە دەستی توندوتیژی کۆنەپەرستانە کوژرا.
لەوێدا سڵاوم لە پەیکەرەکەی جەواهیری کرد.
لە سەلیم عەبدوڵاش پەیکەرتاشە ئاوارەکەی.
هەروەها پەیکەرەکەی شاعیری مێژوونووس
مەستورەی ئەردەلان .

دوو مۆزەخانە:
یەکێکیان دۆستێکی ئاشکرا و
ئەوی دیکە یارێکی نهێنی،
بە فیزێکی  پڕ مەزنی دەستلەملانن.

لە عێنکاوە چاوم کەوت بە ئەهلی کڵێسا و ئەهلی نووسین:
سریان و کلدان و ئاشوری.
سەردانی مەڵبەندێکی ێابئە و مەندائیەکانم کرد.
تیایاندا ئەوەی بە تایبەتی سەراسیمەی کردم:
ئەوان ناژین، بیرناکەنەوە، نانووسن
وەک ئەوەی کەس پێش ئەوان نەبووبن.
بە پێچەوانەوە:
ئەوەی رابورد،
ئەوەی ئێستایە،
ئەوەی دادێ
بە درەوشاوەیی لە روخساریاندا یەکانگیرە،
هەروەها لە قسە و لە ئامادەبوونیشیان.

هەولێر _ عێنکاوە: هاوپەیمانێتی جیاوازییەکانە_
ئاسمانێکی نادیارە بۆ خەونی هاوبەش
خاکەکەیشی ماڵ و شارێکە بۆ عەقڵ و کار
بۆ هەمووانە بێ جیاوازی.
بە مێشکم داهات بپرسم: چ روویدا، چی روودەدا؟
ئایا مێژوو پیاوێکی خەوتووە؟
نەمردووە، تەنیا ئەوەیە ناتوانێت بە ئاگا بێت؟
یان ژنێکی دڵگیرە،
تەنانەت سپێدەش ناتوانێت لە بەندییەکەی دەربازی بێت؟

سڵاوم لە (مار ئەفرا  ( ) (کرد، پێشتر (ئەحیقا ( ) (م خوێندبۆوە
بە نادینی خوشکەزای  دەگوت:
)باشترە بۆت، دانا بەردی زۆرت تێبگرێ
لەوەی نەزان بە رۆنی چاکە چەورت کا(
)ئەگەر ئاو بە بێ خاک وەستا، یان چۆلەکە بەبێ باڵ فڕی،
یان قەلەرەش وەک بەفر سپی هەڵگەڕا،

ئەوکاتە نەزان دەبێتە زانا(
)لە دڵتدا بە قووڵی لە وشە رامێنێ
پێش ئەوەی لە دەمتدا بێتە دەرێ،
باشترە بۆ پیاو  لە دڵدا ساتمە بکا،
لەوەی لە زماندا سەرسمبدا(

بۆچی خودی یادەوەری دەستی کردە فێربوونی کوشتن؟
بۆچی خودی یادەوەری دەستیدایە کوشتن؟

رۆژەکان وەکو کۆتری کوێرن
بە دەورماندا، لەناوماندا دەخولێنەوە.

ئەندێشەکان_
برینی قووڵن لەسەری زماندا.
نیشتمانن چەشنی ئەنگوستیلە لە پەنجەی ئاسماندا.
دەمی داخراون بە زنجیرێک کە بێجگە لە وشە هیچی تر نییە.
موتڵەق بزمارێکی بڵندە لە نێوچەوانی رێژەیی.
ئەی دیار، بۆچی دەرگاکانت دادەخەی
بەڕووی برای نادیارتەوە؟
ئەی زمان چی بۆی سەلماندوی لە کانییەکانی مەعریفەوە
ئاو نەماوە، بەشی کوژاندنەوەی ئاگرەکانی جەهالەت بکا؟
رۆژێ دادێ وشەکان تۆڵە لەو نووسەرانە بکەنەوە،
کە باریان کردوون بە هزرێک لە ئەبجەدییەت ناوەشێتەوە.

لە عێنکاوە دەرچووین، مۆسیقایەک هاوڕێمان بوو
لەو کۆنوێژانەوە دەهات کە مار ئەفرام رابەری بوو.

قەداس گوتی:
روودەدا، گوڵ دەستێکی خۆشبوێ ئاوی داوەتێ.
روودەدا، مرۆڤ  دەستێک ببرێت گوڵی داوەتێ.
بەڵام رووشدەدا، دەرگا بۆ پێشوازی لە هەوا،
لە هەیوان یاخی بێت.

قەداس گوتیشی:

ئەگەر توانیت ساباتی پەپوولەکان سێبەرت بێت.

واتا دەتوانیت بە باڵەکانیان بفڕیت.

قەداس پرسی:

ناوی ئەو پریشکە چییە

کە ئێستا لە هەوری عەرەبی دێتە دەرەوە؟

ئایا برووسکە باوکێتی یان خزم؟

پریشکەیەک ئەو ئێوارەیە دێنێتەوە یاد

کە حەوا مەمکەکانی بە رووناکی مانگی یەک شەوە دەشۆرد.

## (VII)

## رۆشنکار ( )

له ناو واقیعێکدا که توانای خەیاڵ کردن هەڵدەلوشێ،
ئەو توانا بەردەوامەی نووسین له کوێ دێنی؟
-دەنووسم وەک ئەوەی تارمەکان بسڕمەوە و
دەرگاکان له ڕێشمەوە دەربێنم.
دەزانین تۆ لەم واقیعەدا له شوێن دەسلەمیتەوە،
چۆن ماڵت تیایدا دەهۆنیەوە؟
-تیایدا نیشتەجێم وەک ئەوەی هەورەتریشقە بم و
هەمیشە بیشڵەقێنم.
کەواتە پێمان بڵێ عەقڵت له کوێ دەخولێتەوە؟
-له ئەوپەڕی لێوارەکان، له چەتوونیەک که پێکدێ و پێدەگا،
دوور لەوەی باوە و دەستبەسەراگرە.
ئەدی ئەو شوێنە چییە ناوی نیشتمانە؟
-وەک فەیلەسوفی فەرەنسی ئەمانویل لیڤیناس دەڵێ:
)هەرچەندە زەوی پیرۆزە بەلام مرۆڤ پیرۆزترە.
بەرامبەر هێرشی سەر مرۆڤ ، زەوی تەنیا دار و بەردە(
ئایا جیهان ماددەیەکە پێی دەڵێن: هەڵە؟
-ئەگەر ئەمە راستیش بێت،
دەکرێت بە مرۆڤ جیهان راستبکرێتەوە:
مرۆڤ خۆی لەو ماددەیە شێلدراوە،
خۆی مشتێکە له هەمان خۆڵ.
جیاواز له شتی سنووردار و دەستەپاچە،
له مرۆڤدا نهێنییەکی دەگمەن هەیە
که له سنووری جەستەی تێپەڕ دەکا،
درێژترە له بەژنی،
بەم نهێنییە مرۆڤ خۆی دروست دەکا و
شارستانی بنیاد دەنێ و جیهان دەگۆڕێت.
ئەو خولگە و هەسارانەی هەیەتی،
له ڕەچەڵەکی برینیەوە هاتوون.
شادییەکەی بلیمەتیەکی تایبەتی تێدایە،
زۆر جار تەنیا خەم دادەهێنێت.

ماڵەکە دەڕوخێت:

غوبار بە باڵەکانی پەپوولە دەفڕێت و دەیەوێت دەربازی بێ.

خەون لە شیعردا ئاوە و

لە ئەندێشەدا گوڵ.

کە لە پلیکانەی رۆئیادا سەردەکەوێ پڕیەتی لە تاریکی،

کە دادەبەزێ بە تیشک پێچراوەتەوە.

دەرگای هیچ،

هەمیشە لەڕووی هەموو شتێکدا والآیە.

تیشک لێی پرسی:

)کاتێ لە منداڵدانی خۆرەوە دێمە دەرێ

گوێت لە هاوارمە؟(

یادەوەری کتێبێکی کراوەیە:

ئەگەر دڵخۆش بوویت بیخوێنەوە،

ئەگەر خەمبار بوویت دایخە.

بە قفڵەکانی خۆی گوت: تۆ ئۆقیانووسەکانیت،

بە شەپۆلی ئۆقیانووسی گوت: کلیلەکان ببە.

دەنووسێت،

وەک ئەو کەسەی گوڵێک بۆ یەک مەبەست دەچێنێت:

حەزی گوڵاو بینێتەدی.

( VIII )

## مێینەیی

ڕەزمی پێیەکانی _ مەبەستم مێژووە:
بەخۆشیەوە لەگەڵ هەرای ئەو کچ و کوڕانە بەرز دەبۆوە
کە خۆیان دەخزاندە ئۆقیانووسەکانی حەزەوە.
شانازییەکی ترە مێینەیی کوردی ماڵی بۆ خوشکە عەرەبەکەی،
سریانییەکەی، یابئی و مەندائییەکەی بکاتەوە.
شانازییەکی ترە لە عێراقدا
لایەنەکانی مێیەنەیی بەیەک بگەن،
وەک ئەوەی ماڵی پەیمان بن بۆ فرەیی لە عێراقدا.
کەواتە ئەی مێنەیی، جەستەی سپێدە لەخۆت بگرە و پێی بڵێ،
وێنەی روخسارت لەسەر ئاڵتونی کات بکێشێ.
وەک تۆ.. بیر لە ژیانێک دەکەمەوە ئاسمان و ناوک تەبا بکا و
زەوی بکاتە چرپایەک بۆ خۆشەویستی.
وەک تۆ.. لە باڵکۆنی گەردوون دەوەستم،
کاتێ لە ژێر برژانگە عاشقەکانتدا مانگ دەشێوێ.
وەک تۆ.. دەبینم چۆن زەمەن دەڕژێتە ناو
مۆسیقای فرمێسکەوە
کاتێ ئەویش لە خەفەتی ئازارەکانی جیهاندا دادەدڕژێ.
دەشبینم چۆن بەرهەیوان بۆ دواڕۆژ دەنەخشێنی
تیایدا لایەکانی زەوی دەستلەملان بن.
ئەی مێینەیی کوردی :
ئەگەر خۆشەویستەکەت لە ئەشکەوتەکانی ئەمنە سوورەکە
لەدەستچووبێ،
یان لە کێڵگەکانی هەڵەبجە، یاخود لە لووتکەکانی چیا:
تۆ ئەو خونچەیەی کە شاعیران و عاشقان بۆنت دەکەن.
ئەو برینەیت:
لە پێناو سڕینەوەی ئامێرەکانی کوشتن،
بە تۆوە خۆ پرچەک دەکەن.

پێشتریش لە زانکۆ کۆمەڵێک چرام بینی
بێجگە لە روخساری کچان هیچیتر نەبوو،
تیایدا بینیم دابونەریتی رابردوو لە جانتا دەکرێن و

**هەڵدەدرێنە بۆشایی:**

**بۆشاییەک کە شوێنێکە تەنیا بۆ با_ و بەتاڵی،**

**بۆ کەم عەقڵیەکی نێرینانەش**

**کە ناوی  لێنراوە: پەراسووی ئادەم.**

(IX)

## باهۆز

خەڵکانێک هەن هێشتا مرۆڤ دەکوژن،
بە درهەمێک کە پاڵپشتی کۆڵەگەی ئاسمانە،
یان بە شمشێرێک کە بەژنی دەسەڵات درێژتر دەکا.
بەڵام ئەوان ئەم کارانەی دەیکەن، بەشێوەیەک دەیکەن:
وەک ئەوەی بە کا_ کارەبا و،
بە پەڕ، هەورە تریشقە بسوتێنن.
یان وەک ئەوەی دوگمەی هەسارەکان لە کراسی شەو بکەنەوە
کاتێ ئەو ئەستێرەیە گوللەباران دەکەن
کە فەلەکناسێکی عەرەبی ناوی لێناوە: زوهرە.
ئەمەتانێ، ئەگەرەکان چەشنی ڕەشەبا ماڵی واقیع دەهەژێنن و
خەریکە دەیڕوخێنن.
کێ دەتوانێ پێشبینی نیەتی (با) بکا؟
کێ دەزانێ ڕەشەبا چی لە دڵدایە؟

ئەوەتانێ، هێلکەی زەمەن هەمیشە لەنێو پەنجەکاندا
دەگوشرێت و
چاریش نییە هەر دەشکێت:
لەناو هێلکەشدا بێجگە لەئیرادە هیچی تر نییە_
تەپوتۆز بۆ تەپوپۆز و
بنەچەش بۆ بنەچە
لێرە و لەوێ
لەو هەنگاوانەی لەسەر پەتی کار دەنرێن
پەتێک کە لەسەر خەرەندی مێژوو درێژبۆتەوە.

لەناو ئەو ڕەشەبایەی نەخشەکان دەهەژێنێ: کێ دۆستە؟
بیابان واقیعە و بەردەکانیش وشە نین،
ئەمەتا ڕۆژەکان با_ن و موتوربە دەکرێن.

دیمەنەکە مەرەکەبێکە بۆ هەموو گریمانە و ئەگەرەکان_
پەپوەسلێمانە لە خاوەنەکەی هەڵگەڕاوەتەوە،
کوندەپەپووە داناکەش کوێر نییە.

ڕەشەبا چەند ماڵێکی دروستکرد و ڕوخاندی،
جەستە چەند دەقێکی نووسی و دڕاندنی.

ئەدی ئەو شێوەزارانە چین کە لە دەمی ڕۆژەکانەوە، بەتاو
لە سێگۆشەی ناوەڕاست و ئۆقیانووسی هادی و
ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، غار دەدەن؟
فریشتەکانی گومان لە خوێنێک دەچۆڕێن لە ڕەنگی پەیامەکانە.
زەردەپەڕ بێگەردیی وەرزەکان شکۆدار دەکا.
وەرزەکان سەرسم لە پارچەکانی خۆیان دەدەن
کاتێ بێگەردیی خۆر شکۆدار دەکەن.
زوقمی هزرەکان ڕۆدەچنە هەنگاوەکانی سەر جادە،
ئەوانەی تێدەپەڕن برینن،
زەمەنیش پارچەی شکاوی شووشەیە و
جیهانیش لافاو.
ڕەنگە مافم هەبێت، گوێ لە مێینەیی کوردی بگرم کە دەڵێت:
)نەخێر، لە مێینەیی عەرەبی لە بەغدا جیا نابمەوە،
بێجگە لە تیشک و برادەرایەتی تیشک، هیچ لە ئامێز ناگرم
ڕەنگە مافم بێت، بیربکەمەوە و ڕەتبکەمەوە،
ئەندێشەم هەبێت، کۆتایی بن.
ڕەنگە مافی ئەوەم هەبێت بیرکردنەوەم
تاقیکردنەوە بێت بۆ خۆم و بۆ ژیان و بۆ واقیع.

بەڵام،
لە بڵاوەی بەرزەخەکاندا
ئاوسانێک بەئاگادا هەموو گۆشەکانی بینین تێکدەشکێنێ و
لەسەر کۆپانی ئەسپێکی ئەتۆمی دانیشتووە و هێرش دێنێ.
ئاوسانێکە لەناو جیهانی پێچراوەدا، کەڵەکە دەبێت.
ئایا ئاسمان دابخەم؟ ئەرێ ببیستم،
ئایا گوێڕایەڵی کێشکردنی فریشتەی وڕێنە بم؟
هەموو فریشتەیەک پیلانگێڕە و هەموو لەززەتێک لادانە.
ئەی بنەچەی سەوسەن بۆ لای خۆتم بەرە و
لە خانەکانمدا بدرەوشێوە.
بێکۆتایی، لە یەکانگیربوونی تیشک و مێینەیی بە ئاگادێ و

لە جەستەمدا خۆی دەشارێتەوە.
ئەی قوڕ، ئەی خۆڵی زیندوومان، بمدەیە،
بوارم دە: با مەوداکان بکەمە باخچە و
ئاوێزانی ترێ فرۆشی سەر چرپاکان بم.
ئامادەبوون لە تۆدا سەرەتای بینابیە و
غەیبیش ئێرگزی بینین.

(X)

**نیلۆفە (□)**

لە نێوان 14 تا 24 نیسانی 2009

**لەناو شەوی سلێمانی و هەولێردا، من شەوێکی ترم هەبوو،**
**شەوێک، هەمیشە بەر لە منەوە_**
**لە چرپاکەم بازی دەدا و لە پەنجەرە دەچووە دەرآ**
**تاوەکو پشتێنی خۆر بگرێت،**
**ئەو کاتەی کە لە چرپاکەی هەڵدەستایەوە.**
**تریفەی مانگێکی شاراوەم هەبوو،**
**رێگەی دەدام ئەو نووسینانەی نیلۆفەر بخوێنمەوە:**
**کە لە دەریاچەی گوماندا دەینووسی.**
**دەمتوانی تەنانەت لۆچەکانی گیاش بخوێنمەوە.**
**ئەوکاتەی ئاسۆ، لەبەردەممدا لە پێشوازی**
**ڕووەک و بۆنە ونەکەی، لەناو کێڵگەکاندا، سەمای دەکرد،**
**ئەو مانگە بە دوو ڕاز و خاڵێکی سەر ڕوومەتی چەپی،**
**لێم دەردەکەوت،**
**ئەمە ئەو مانگەیە کە فێری جوانی دۆزینەوەت دەکا.**
**بەم شێوەیە لە یادمە چۆن سروشت و زەوی ئاوێتە دەبوون_**
**خودی ئەم دایک و ئاسمانە، زمانێک بوون**
**لە ڕێیەوە مێینەیی لە پەراسووی ئادەم یاخی دەبوو،**
**بۆ ئەوەی لەگەڵ ئادەمدا یەکسان بێت و**
**تا بانگەشەی نوح بکات، چاو بە ئەندازەی سووڕانەوەی جیهان و**
**قوڕی لافاوەکەی بخشێنێتەوە.**
**ئەو وشە سەرەتاییانەی**
**لە دەمی درەختەکان و کانیەکانەوە دەردەچوون**
**بە چیاکاندا سەردەکەوتن**
**تا هەوای یەکەم هەڵمژن بەر لەوەی بگاتە من.**
**ئەو مرۆڤانەی چاوم پێیانکەوت،**
**روخسارێکیان هەبوو تێکەڵ بە تیشک، دەتگوت فرمێسکن.**
**روخساریان ئاوێتەی پریشکێک بوو،**
**وەک ئەوەی لە پشکۆی مێژووەوە پەرش بێتەوە.**

**وا هەستم دەکرد، دەنگێک هەیە لێم دەپرسێ:**
**تۆ ئەی گەڕیدە، ئەی ناسیاری مرواریی مەوداکان**
**تۆ ئەی بێ دەرەتان کە خۆت بە دەسکی با _ وە گرتووە،**
**پێم بڵێ: کێیت و لەکوێوە هاتووی؟**

**کات.. دەفرێکە مێژوویکی لێدەڕژێ کە خۆی دەخوات،**
**دەفرێکە، ئەو تارماییانەی لێدەڕژێ،**
**کە قۆچیان لە لمە و پێیان لە _ با.**
**کات.. ڤامیشێکە شەکرەکەی بە گەرد دەبەخشێ و**
**رەگیشی دەداتە هەور.**
**کات_**
**مانگ و خۆرە بەسەر قۆچی گایەکی رەشەوە.**
**کات چۆن دەگۆڕێت؟**
**ئەستێرەیەکم بەسەری دارخورمایەکەوە هەڵواسی**
**وەک سڵاوێک بۆ ئەو گوڵەی،**
**لە ئەبەدیەتی گوڵاو دا نیشتەجێیە.**
**بۆ لەمەودوا.. هەوڵ دەدەم کارەکانم رێک بخەم:**
**جەنگێکی بێکۆتاییم لەنێوان بێکۆتایی و خوا دا راگەیاندووە.**
**بەڵێ، ئەی بێکۆتایی:**
**دابڕانێک لەگەڵ ئەو مرۆڤانە بەرپا دەکەم،**
**کە ژێی دەنگیان لە دەمی مێژوویەکی درۆزندا دەپچڕێ.**

**بەڵێ، ئەی بێکۆتایی:**
**تەنیا یەک شت لەسەر شێوەی تۆ دەخوڵقێنم: شیعر.**
**ئێستا وا خەیاڵ دەکەم، گاهێ دەگۆڕێم و دەبمە چیا،**
**گاهێ دەگۆڕێم و دەبمە دەریاچە.**
**کاتێک کە لاولاوی یادەوەریش،**
**بەدەوری داروپەردووەکاندا دەگریێت و**
**لە دەوروپشتمدا و لە هەموو شوێنێک**
**ئاوی لە دایکبوونەکان بەهەدەر دەدا.**